# خودا پشتیوانی له کێ دەکا!

سەددام ناوی خودا له سەر ئالای عیراق دەنووسێت، بن لادن لەسەر خواستی خودا،هێرشەکانی ڕێکدەخات وئەنسار ئەلئەسلامیش له سەر خواستی هەمان خوداو لەسەر بانگەوازی قورئانه پیرۆزەکەی(**فقاتلوا أئمة الکفر، انهم لا ایمان لهم، لعلهم ینتهون-التوبة١٢**)له تاوانەکەی گامێش تەپه دەبن بەهۆی کوشتنی منداڵێك(٣ساڵ).

ئەمڕۆ، سەرۆکی ئەمریکایش هێرشکردنی لەسەر عیراق به جێبەجێکردنی خواستی خودا ناوبرد!.

بێگومان بوشیش وەك ئەنسار ئەلئەسلام دەڵێ(**وما النصر الا من عند الله العزیز الحکیم**)

هەموو ئەم دڕندانه بەناوی خوداوه تاوانەکانیان ئەنجام دەدەن! پرسیارەکەش ئەمەیه: خودا پشتیوانی له کێ دەکا؟کام بەرەی جەنگاوەر سەردەخا؟

ناسیارێك گوتی: خودا گێل نییه، بەبێ گومان پشتیوانی له بەرەی بەهێز و سەرکەوتوو دەکا، بەرەی دۆڕاو و شکستخوردش هەر به کافرو لایەنگری ئەبلیس.

هێزه کۆمونیست، چەپ و ئۆمانیستەکان که خۆیان له کتێبه"پیرۆزەکانی"خودا–تەورات، زەبور، ئەنجیل و قورئان"بێ بەشکردووه"، درووشمی دژ بەو جەنگاوەرانه و خواکەیان(خواکانیان) بەرزکردووەو لەپێناو روخاندنی بەرەکانیان درێژه به خەباتیان دەدەن!

٢٠٠٣/٢/١٨